# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر

سالم محمەد

ژمارە ٨ | ٢٠٢٠/٧/٩ | ڕۆژی پێنج شەممە

دیاردەی خۆکوشتن لە حاڵەتەوە بووە بە دیاردە

چۆن ئەزانی کابرا بندیوارە؟

## لە نێوان یاسای چاکسازیەکەی بزووتنەوەی گۆڕان و ٥٠ هەزار هەلی کارەکەی یەکێتی_دا



# سەروتار

له نێوان یاسای چاکسازیەکەی بزووتنەوەی گۆڕان و ٥٠ هەزار هەلی کارەکەی یەکێتی_دا

سالم محمەد

لەدواین هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان حیزبەکان چەندین بەڵێنیان بە لایەنگرانیاندا کەمن بۆ ئەم وتارەم بوو بەڵێن بەراورد دەکەم یەکەمیان یاسای چاکسازیە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو کە بزووتنەوەی گۆڕان لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو کۆتا هەڵبژاردن لەهەوڵی دەرکردنی ئەم یاسایەدا بوو، بەڵام یەکێتی و پارتی هەتا کۆتا جار بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دژی بوون، دواجار پاش چەندین ململانێ و سوربوونی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر ئەم یاسایە توانی بیباتە پەرلەمان و خولی ڕابردوو و لەخولی ئێستای پەرلەماندا بەردەوامبوو بۆ چەسپاندی ئەم پرۆژە یاسایە.

سەرباری بوونی ڕەخنەکان لەسەر پرۆژەیاساکە بزوتنەوەی گۆڕان بە تەنها ١٢ کورسی پەرلەمانی توانی بەشێکی زۆری پەیام و بەرنامەکەی لە ناو یاساکەدا جێگا بکاتەوە کە لەدواین هەنگاودا لە ڕێگای وەزیری داراییەوە بەشێک لە برگەو خاڵەکانی دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کە بریتین لە کاراکردنی سندوقی خانەنشینی لەهەرێمی کوردستاندا و کردنەوەی ئەژمێرەیەکی تایبەتی بانکی بۆ ئەو سندوقە. بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی ڕاسپێردرا لەسەر ئامادەکردنی پەیکەری نوێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین، کە دەبێتە تاکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینان لەهەرێمدا، بەشێوەیەک گشت خانەنشینانی (شارستانی، سەربازی، هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆ، یەکە ڕێکنەخراوەکانی هێزەکانی پێشمەرگە) لەخۆدەگرێت.

هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری ڕاسپارد بۆ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پیشمەرگە، بۆ ئەوەی هەنگاوی پێویست بگرنە بەر بەمەبەستی یەکخستن و ڕێکخستنی یەکەکانی ژمێریاری هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، و بڕیاردرا لەسەر پەیڕەوکردنی میکانیزمێکی گونجاو بۆ لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کردنەوەی ئەژمێرەیەکی کەسی بۆ سەرجەم موچەخۆران و ئامادەکردنی ڕێکارە یاسایی و کارگێرییەکان، بۆ وەرگرتنەوەی قەرزە بازرگانیەکان .

هەروەها بڕیاردرا لەسەر هەماهەنگی تەواو لەنێوان لیژنەی باڵای وەزارەتی دارایی و ئابوری تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە پێناو جێبەجێکردنی خێرای یاساکەدا، سەرجەم ئەم بڕیارانە بڕیاری گرنگن بەڵام حزبێکی وەک یەکێتی کە لە سەرجەم ماوەی حوکمڕانی کوردیدا بڕیاربەدەست بووە دژی ئەم پرۆژە یاسایەن لە ژێرەوە چونکە زۆرترین زیان بەر دەوڵەمەندە هەڵتۆقیەوەکانی ژێر دەسەڵاتی دەکەوێت بە نموونە شاسوار عبدولواحید هەروەها هەزاران کەسی نایاسایان خانەشین کردووە یان دووموچە سێ مووچەی هەیە، یاخود لە ناو بارەگاحیزبیەکاندا دەوام دەکەن و لەسەر بودجە و قوتی خەڵک دەژین.

درێژەی وتار بۆ لاپەرە ٣

## درێژەی وتاری لاپەرە ٢

هەروەها زۆربەی لایەنگرانی یەکێتی و پارتی و هەندێک لە حیزبەکانی تر لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک بە ئاشکرا ئۆبالی هەموو کەموکورتیەکان دەخەنە ئەستۆی بزووتنەوەی گۆران و پێان وایە کارنامە ی بانگەشی هەڵبژاردنی بۆ جیبەجێ نەکراوە چ ئەوکاتەی ئۆپۆزسیۆن بووە، چ ئێستا لەناو حکومەتدا لە کاتێکدا کە ئەم کەسانە خۆیان کە ڕوو لاڵ و کوێر کردوە لە بەرنامەی حیزبەکانی خۆیان و جورئەتی ڕەخنە و جنێویان هەر بۆ بزووتنەوی گۆڕانە ، ئەم کەسانە بۆ ناپرسن ئەو سەرۆکی لیستی یەکێتی کە قوباد تاڵەبانی بوو بەڵێنی (٥٠) هەزار هەلی کار ، وەگەڕخستنی (٢٠٠٠) کارگەکەی کوا؟ بۆچی نەیتوانی لایەنی کەم شوێنە بەتاڵەکانی ئەو فەرمانبەرانە پربکاتەوە کە وازیان هێناوە لە کارەکانیان یاخود خانەنشین بوون یان چونە دەرەوەی وڵات، بۆچی سەدان کۆمپانیای وەهمی وحیزبیان هەیە و نەیانتوانی لایەنی کەم هەلی کار بۆ لایەنگرانی خۆیان برەخسێن ئەم پرسیارانە چەندە گرنگە بکرێن و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت و بدرێت بە گوێی ئەو کەسانەدا کە بانگەشەیان دەکرد دوو ئەوەنەش گرنگە ئەو کەسانەی کە بەوپەری بێوێژدانیەوە ڕەخنە لە بزووتنەوەی گۆران دەگرن، بیربکەوە کە نان و ژیان و ئازادیان خەڵکی تر بردوویەتی نەک بزووتنەوەی گۆران چۆن لایەنگر و هەڵسواراوانی دڵسۆزی بزوتنەوەی گۆران ڕۆژانە بەدوای چالاکی و کاری بەرپرسە حکومی و حیزبیەکانی بزووتنەوەیەکە وەن و لە پای دەنگدان بە گۆران لە هەڵە و کەموو کورتیان نابورن ، ئەوانیش نیو ئەوندە جورئەتی قسە و هەڵوێست و بەدواداچوونیان هەبێت بۆحیزبەکانیان، یان ئەمانە چا خزر و بندیوار و پارەخۆری ئەم وڵاتەن و لەپای دەستخۆشی و ئافەرینێک وەکو توتی کۆمەڵێک قسەی بێ بنەما دەکەن و توانای بیرکردنەوەیان هیچ نیە بەرامبەر سیاسیە دەسەڵاتدارەکانیان داوای کەمترین مافی خۆیان بکەن کە ئەمەش کاری مرۆڤ نیە ئەوەندەی کاری رۆبۆت یاخود داهۆڵە کە با چۆنی بویێت ئاوا سەمای پێدەکات و ئاراستەکەی دیاری دەکات.

## تەنز

+ چۆن ئەزانی یەکێتیە.؟
_قوربان دژی چاکسازیە..

+ چۆن ئەزانی کابرا بندیوارە.؟
_ قوربان گیان لە کۆمێتتا هەر خەریکی جنێوە.
+ بەچیدا ئەزانی پەرلەمانتاری خانەنشینە.؟
_ قوربان گیان خۆی کردوە بە وتەبێژی فەرمانبەران.

+ چۆن ئەزانی وەزیرە و ئیمزاشی ناخوا.؟
_ قوربان گیان بە شەڕی وەرتێدا
• چی شتێک بۆ جوانی لە ئەنجومەنی وەزیرانا دا ئەنرێ.؟

_ قوربان گیان زۆر شت بۆ نمونە:- ئاڵای کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەت .

+ میلەت حەزی لە چیە بۆیان بکەین.؟
_ قوربان ، زۆریان حەز لە موزایەدەیە

+ تۆ ئاگاداری وەزعی خەڵکی ئێستا باوی شەڕە دراوسێتی ماوە.؟

_ نا قوربان گیان ئێستا باوی شەڕی ئامۆزایە.

+ باشترین بازرگانی چیە بیکەین.؟
_ قوربان گیان قەڵەم فرۆشتن..

پاڤێل جلال

## دیاردەی خۆکوشتن لە حاڵەتەوە بووە بە دیاردە



ڕەوەند عبدڵلە حمە

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی سەیر لە ڕووداوەکانی خۆکوشتن بکەین دەبینین
لەزۆر بەی وڵاتانی دنیا ڕۆژانە کۆمەڵێک مرۆڤ هەوڵی خۆکوشتن دەدەن ، هەندێکیان کۆتای بەژیانی خۆیان دەهێنن جا لەبەر هەرهۆکارێ بێ ، هەندێکیان ڕزگار دەکرێن لەلایەن تیمێکی شارەزا لە بوارەکەدا ، ڕۆڵی ئەم تیمە لەزۆر بەی وڵاتان زۆر گرنگە و بەشێوەیەکی باش دەتوانن قەناعەت بەو کەسە بهێنن کە هەوڵی خۆ کوژی دەدات ، هەموو ڕێگایەک دەگرن بەر لە سەر خۆ قسەی لە گەڵ دەکەن ئەگەر پێویست بکات چەند کاتژمێرێک بێت ئەمان هەوڵی خۆیان لەگەڵ دەدەن هەتا کەسی خۆ کوژ هێمن بێتەوەو بێتەوە سەر باری سروشتی خۆی پەشی مانی دەکەنەوە لە هەوڵی خۆکوژی دواتر بەشێوەیەکی هێمنانە قسەی لەگەڵ دەکەن و تاوەکو جارێکی تر بیر لە کاری وانەکاتەوە.

لە هەرێمی کوردستانیش چەندین حاڵەتی خۆکوژی ڕویداوە و بەڵام زۆر بەداخەوە زۆر بەی زۆر ئەوکەسانەی لە هەرێمی کوردستان هەوڵی خۆکوژی دەدەن ، خۆیان کوشتووە ، لەماوەی ڕابردوو دا بەتایبەت لە سلێمانی دوو حاڵەتی خۆکشتن بووەو حوکمەت نەک نەیتوانیوە تیمێکی شارەزا دروست کات ، بەڵکو بوە بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکان بۆ هاوڵاتیان ، چ لەڕووی داراییەوە بێت یان خزمەتگوزای بووە بەسەرچاوەی خەم و خەفەت بۆ هاوڵاتیان بەنموونە لەکاتی خۆیدا مووچە نادات بەفەرمانبەران ، جگە لەوەش موچەی فەرمان بەرانی کەمکردۆتەوە ، لە ڕوی خزمەت گوزارییەوە شکستی گەورەی هێناوە ، بەنموونە نەخۆشخانەکان ، بەشێوەیەکی باش پێشوازی لە نەخۆش ناکرێت ، دەرمانی پێویستیان دابین نەکردووە بۆ نەخۆشخانەکان ، ئەی حوکمەتێک مووچەی فەرمان بەران نەدات و خزمەتگوزاری نەبێت و بەنموونە نەتوانێت بەشێوەیەکی باش کارەبا دابین بکات بۆ هاوڵاتیان ، ئیتر ئەمە ناوبنێین چی حوکمەتێک ، خەڵک هەیە کرێچییە ، مووچە خۆر نییە ، هیچ ئیشێکی نییە ، حوکمەت هیچ هاوکارییەکی ناکات ، خاوەن ماڵ و مناڵە ، ئەی ئەمە بەچی بژی ، ئەی ئەمیش مرۆڤ نییە خاوە ماف نییە هاووڵاتی ئەم هەرێمەنییە ، ئیتر هاوڵاتی چۆن پەنا نابات بۆ خۆکوشتن ، دەبێت بەرپرسانی هەرێم شەرم بیان گرێ ، کاتێک هاوڵاتییەک لەشاری سلێمانی خۆی سوتاند و کۆتای بەژیانی خۆی هێنا ، دواتریش لە ڕاگەیاندنەکانی دەسەڵات ڕاردەگەیەنن دەڵێن ئەم کەسە باری دەروونی تەواو نەبووە و بۆیە خۆی کوشتووە ، ناڵێن حوکمەت هۆکاری سەرەکی کێشەکانە بە تایبەت هەردوو حزبی دەسەڵات.

بەڵام بە پێچەوانەوە لەوڵاتانی ئەورووپا هیچ کات حوکمەت ، هۆکار نییە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان خۆیان بکوژن ، لە بەر ئەوەی لێرە حوکمەت لەرووی خزمەتگوزاییەوە باشترین خزمەتگوزاری دابین کردووە بۆ هاوڵاتیانی ، حوکمەت هیچ کات مووچەی فەرمانبەرانی کەم نەکردۆتەو یان پاشەکەوتی بکات ، بگرە حوکمەت لە وڵاتانی ئەوروپا قەرەبوی خاوەن ئیشەکای کردۆتەوە بەتایبەت لە کاتی فایرۆسی کرۆنادا ، لە بەرئەوەی نەیان توانیوە ئیشەکانیان بکەن ، حکومەت لێرە تیمی تایبەتی مەشق پێکراوی هەیە بۆ حاڵەتێکی ئاوا ، لە کەمترین ماوەدا دەگەنە شوێنی ڕووداوەکە کە کەسێک هەوڵی خۆکوشتن دەدان ، بە شێوەیەکی باش خەڵکی نزیک ڕووداوەکە ئاگادار دەکەنەوە کەدوور بکەونەوە لەڕوو داوەکە لەبەر ئەوەی کەسی خۆژ وردەوردە هێمن بێتە ، ئەگەر خەڵکێ زۆر کۆبێتەوە ئەوا کاری گەری خراپی لەسەر کەسی خۆکوژ دەبێت ، زیاتر بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە ، ئەم تیمانە کە حوکمەتی وڵاتانی ئەوروپا درووسیان کردووە بۆ لەم جۆرە حاڵەتانە ، ڕۆژانە ڕۆڵێکی گرنگیانە هەیە ، بە تایبەت کە کەسێک هەوڵی خۆکوژی دەدات ئەگەر بێتو ئەم تیمانە نەبووایە ئەوا ڕۆژانە کارەسات ڕووی دەدا ، دیاردەی خۆکوشتن ڕووی لە زیاد بوون دەکرد.

# تورکیاو ئێران و سوریاو عێراق داگیرکەرن

بەهادین ئەحمەد

تورکیاو ئێران و سوریاو عێراق چوار دەوڵەتی داگیرکەرو دوژمنی سەرکی کوردو دژمنی سەربەخۆی و دیموکراتی و ئازادین بۆگەلی کورد ،بەدرێژای مێژوو لەشەڕوو ململانێدان لەگەڵ میللەتەکاماندا، لەدوای ڕوخانی حکومەتی بەعسەوە ،باشوری کوردستانیاکردووە بەپێگەی خۆیان بۆ تێک دان ولەناوبردنی ئەم هەرێمەی کەلەساڵی ١٩٩١ وە وەک هەرێمێکی سەربەخۆ دیاری کراوە ، ئەویش بەهۆی چاوساغی حیزبە کانی دەسەڵاتەوە.

ئەم دوو داگیرکەرە لەهەموو ڕوویەکەوە ئەم هەرێمەیان دادۆشیوە ئەوەنەی بۆیانکراوە بەهۆی حیزبەکانی دەسڵاتەوە قۆرغی ژێرخانی ئابووری ئەم هەرێمەیان هەڵتەکاندووە ،کردوویانە بەبنکەی ساخکردنەوەی خواردن و کەلوپەلی خراپ و بەسەرچۆکانی خۆیان بە دەیان بنکەی جاسوسی و موخابەراتی تیان دامەزراندووە چەندین ڕێگای نەشیاویان گرتۆتە بەر بۆهەڵتەکاندنی شیرازەی کۆمەڵگاکەمان .

کردویانە بەساحەی تەراتێنی هێزەکانیان ، هۆکاری سەرەکی حیزبەکانی دەسڵات و نەبوونی یەک هەڵوێستی و نەبوونی حکومەتێکی نیشتمانیە.
ئەوململانێیە حاقدییەی لەنێوان حیزبەکاندا دروست بووە ، لەپێناو بەرژەوەندییە حیزبی و شەخسێکاندا . کە لەسەر حسابی نیشتمان وقوربانێکانی خەڵکی کوردستانە .
بەداخەوە بەردەوام هێرشەکانی ئەم داگیرکەرانە بەبەرنامەو پلان و پیلانگێڕا بەهۆی بیانوویەکەوە سیاجی سنور ئەپچڕێنن و دێنەژوورەوە بۆکوشتنی هاوولاتیان ومانەوەیان لەهەرێمەکەدا ،ئایا پێتان وانییە حیزبی دەسڵات بۆتە هەڵتەکاندنی بیری نیشتمانی نەتەوەی لەپێناو بەرژەوەندی حیزبی و شەخسی و مانەوەی خۆیان .

بزووتنەوەی گۆڕان ١١ ساڵە دوا دەکات حکومەتێکی نیشتمانی دووستکەین ئەوحکومەتە نوێنەرو دەم ڕاستی میللەتەکەما بێت نەک کەسێک و چەندکەس و حیزبێک و بنەماڵەیەک .
ئەگەر وانەبوایە بەم ڕۆژگارە نەخوازراوە نەدەگەشتین .
ئۆباڵی هەموو هاتنەناوەوەیەکی داگیر کەران لەئەستۆی دووحیزی چەکدارو دەسڵاتدارایە .
بەداخەوە هەر میللەتەکەمان باجەکەی ئەدات لەهەمووڕوویەکەوە .






**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com